## بەڕێزو خۆشەویست کاك مەسعود بارزانی
## بەڕێزو خۆشەویست کاك نێچیرڤان بارزانی

ئێمە کۆمەڵێك لە پیاو ماقولان و بە تەمەنەکانی خەڵکی دارەتووین ، هەموومان لەناو شۆڕشی ئەیلول تواوینەتەوەو ، قوربانی زۆرمان داوە ، هەندێکمان بەهۆی بەشداری کردنمان لەم شۆڕشە ، جەرگمان سووتا ،ماڵمان سووتا ، دەربەدەری و ژیانی تاڵی زۆرمان بینی، بەڵام لە رووی دەروونییەوە ، هەر ئاسوودە بووین ،چونکە سەرمان بڵند بوو ، چونکە ئەو هەموو قوربانیدانەمان بە ئەرکی سەر شانی خۆمان دەزانی . زۆر لە بارزانی نەمریش دڵنیا بووین، کە شۆڕشەکەی بە پاکی داگیرساندووەو بە پاکیش کۆتایی پێ دەهێنێ .دەتوانم بڵێم قسەکانمان راست دەرچوو ، بارزانی نەمر بە پاکی ژیا و بۆ کورد ژیاو هەر بۆ کوردیش مرد ، بۆیە ئێستا رەمزی بەرخودان و کوردایەتی و ، رەمزی میللەتێکی مەزڵووم و بێ دەوڵەتە. بۆیە ئەگەرچی زۆر لە ئێمە منداڵمان لەسەر ئەو شۆڕشە دانا ، ماڵمان لەسەر دانا ، ........هتد کەچی هەر ئاسوودەین .

بەڕێزان ئێستا دارەتوو کراوەتە ناحیە، بەڵام خەریکەتێکەڵ بە هەولێر دەبێت ،چونکەزۆر نزیکی هەولێرە ، کەسێکتان کردۆتە حاکمی ئێمە ، واتە مدیر ناحیەی دارەتوو ، تا رۆژی رزگار کردنی هەولێر لە ١١ی ئاداری ١٩٩١ هەمان شەخس فەوجی جاشایەتی لە دەورەی دارەتوو هەبوو ، خۆیشی خەڵکی ئەو گوندانەی سەر بە دارەتووە ، بۆیە هەموو کەسێك دەیناسێ و ، دڵنیاتان دەکەم کەس خۆشی ناوێت .ئاخر خەڵکی پێشمەرگەو ماندوو چۆن دەتوانێ جاشی خۆش بوێت؟!.
بۆیە ئێمەش کە خەڵکێکی ماندووی رێگای خەباتی کوردایەتین، داواتان لێ دەکەین ، حسابێکمان بۆ بکەن ، ئەو کوڕە تا حکومەتی بەعس لە دارەتوو مابوو ، هەموورۆژێك بە خۆی و باوکی ، بە بە پیکابی پڕ لە جاش دەسووڕانەوەوخەڵکیان دەگرت و ئەشکەنجەیان دەدا ،کوێ دەوێرا تەماشایان بکات ؟؟!!، بۆیە داواتان لێ دەکەین ، یان ئیجرائاتێك وەربگرن و لە دارەتووی دوور بخەنەوە ، یان ئەگەر دەستان لێی بەر نابێ !!! ، ئەوا لیژنەیەکی بێ لایەن پێك بهێنن و پرسیار بکەن ، الحمدولیلاھ کادیری پارتی زۆرن ، کە خەڵکی دارەتووبن ، خەڵکی دارەتوون بەڵام شوێنی کارکردنیان لە

هەولێرە ،  لە هەمووبوارەکانی ڕێکخستن ، عەسکەری ، ئیعلامی ، کارگێڕی ، کۆمەڵایەتی ، ئایینی و.......... هتدهەن ، ئەی باشە بۆ پرسێکیان پێ ناکەن؟؟ یان ئەگەر دەزانن راستە ، بۆچی لایناده‌ن ؟؟ ، کەسێکی پاك و خاوێنتان دەست ناکەوێ بۆمانی بنێرن؟؟!!، خۆ لەناو خۆماندا  زۆر پێشمەرگەو  ماندووی ڕێگای خەبات و دەست پاکمان هەن، بۆیە داواتان لێ دەکەین  چارەسەرێکمان بۆ بکەن و ئەو جاش و ئەنفالچییمان بۆ بگۆڕن و با چیدیکە دۆست و دوژمنمان پێ خۆش نەبێت .

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیمان دا

**زیاتر لە(٧٥)پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول**